# ئەمریکا و گەڕانەوە بۆ مارکس !!

رزگار عومەر
rezgar70ca@yahoo.com

لەم ماوەی ڕابردوو ، دوو بابەتی بڵاوکراوە سەرنجی ڕاکێشام ، یەکەمیان ڕاپۆرتێك بوو ، کە لە ڕۆژی 2005/6/16 لە ڕۆژنامەی" Globe and Mail" کەنەدی بڵاوبوە ، ئەم ڕاپۆرتە باس لە یەکەم هاوڵاتی ئەمریکا دەکا ، کە لە زانکۆیەکی پزیشکی کوبا بڕوانامەی بوون بە دکتۆری بە دەست هێنا ، ئەم زانکۆیەی کوبا بە خۆڕایی ئەو قوتابیە بێگانانە وەردەگرێ ، کە لە وولاتەکانی خۆیان توانای دابین کردنی مەسرەفەکانی خوێندنیان نییە !

دووەم بابەت ، بابەتێکی ژمارە 8430 گۆڤاری" The Economist " بوو کە هەر دوو ڕۆژ زووتر لە بابەتەکەی یەکەم بڵاوبۆوە ، بابەتەکە ناونیشانەکەی بە پرسیار نووسراوە :ـ (( ئایا پێویستە ئەمریکیەکان لە بارەی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بترسن ؟ )) لەم بابەتە ، لە زمانی بە ئیعتیبارترین گۆڤاری ئەکادیمی ئابووری ، باس لە زەق بوونەوەی جیاوازیە چینایەتیەکان ، لە شێوەی ژیانی ئابووری و کۆمەلایەتی ، کۆمەڵگەی ئێستای ئەمریکا دەکا ، هەروەها لە درێژەی ووتارەکە نووسەری ووتارەکە ، باس لە کارل مارکس دەکا ، کە بە پێ ی وەسفی نووسەرەکە یەکێك بووە لەو نووسەرە بێگانانەی کە هەرزوو لە مەسەلەی بارودۆخی چینی کرێکار لە ئەمریکا لە ساڵی 1860لە سەر جیاوازیە چینایەتیەکانی ئەم کۆمەڵگەیە دواوە ، ووتارەکە بەوە دەست پێ دەکا ، ئەگەر تا ئێستا خەڵکانێك هەبوون لە ئەمریکا ، بە فیزو شانازیەوە پشتیان لە تێوری چینایەتی کۆمەڵگە کردبوو ، ئەمڕۆ کتوپڕ دەبێتە جێگای گرنگی و دەگەڕێنەوە سەری ، چونکە ڕاستی ئامارەکانی هەژاری لە ئەمریکا خۆی لە خۆیدا کاریگەریەکی ئەوتۆی داناوە ، کەتەنانەت بۆ ئەو ئابوری زان و سیاسە تمەدارانەی لە فەلەکی نیولیبرالیزم دەخولێنەوە ئیمکانی پشت گوێ خستن نیە .

دەگەڕێمەوە بۆ سەر هەواڵەکەی یەکەم ، هاوڵاتیەکی ئەمریکایایی بۆ ناچارە ، بچێ بۆ کوبا بخوێنێ ، لە کاتێکدا وا بۆ 60 ساڵ دەچێ وێنەیەك کە حکومەتە یەك لە دوایەکەکانی ئەمریکا لە سەر کاسترۆ حکومەتەکەی، لە میدیاو لە قوتابخانەکانی ئەمریکا دەیسە پێنن ، بریتیە لە وێنەی دیکتاتۆرێك و گەلێکی سەرکوتکراو برسی ، ڕاستیەکەی چوونی قوتابیەکی ئەمریکی کە پێشبینی دەکرێ ڕوو لە زیاد بوون بێ ، هیچ پەیوەندیەکی بە هەڵوێست لە بەرامبەر وێنەیەکی نیگەتیف یان پۆزەتیڤی لە سەر کوباوە نیە ، بەڵکو پەیوەندیەکی ڕاستەخۆی بە ئامارەکانی هەژاریەوە هەیە لە ئەمریکا ، کە گۆڤاری ئیکۆنۆمیست بەشێکی زۆری ئەو ئامارانەی بڵاوی کردۆتەوە لە سەر نایەکسانیە لە سیستەمی خوێندن بۆ هاوڵاتیانی ئەمریکا ، لە یەکێ لەو ئامارانە باس لەوە دەکا ، تەنیا لە 3% قوتابیانی چینەکانی خوارەوە ، دەتوانن لە بارەی دابین کردنی مەسرەفەکانی خوێندن بۆ قۆناغی زانکۆ دابین بکەن ، بەهرەمەند بوونی هاوولاتیان لە تەواو کردنی خوێندن ، جیاوازی زۆر گەورەی بە خۆیەوە بینیووە ، بۆنموونە بە پێ ئاماری ساڵی 1977ئەم جیاوازیە لە 33% بەڵام لە ئاماری 1997 دا گەیشتۆتە لە 66% .

ئەم جیاوازیە چینایەتیە ، ئاکامەکانی ڕەنگە بە زۆر شێوەی جیاواز لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕەنگ بداتەوە ، هەروەکو چۆن لە سیەکانی چەرخی ڕابردوو لە بەر نارەزایەتیە ڕۆژ بە ڕۆژەکانی کرێکاران و هەژاری لە ئەمریکا ، کە ئەوەندە بە هێز بوو ، کە ئەمریکا تەنانەت بەشێکی سوپای خۆی ناچار کرد بۆ سەرکوتی هاوڵاتیانی خۆی ، پرسیار ئەوەیە قوڵبوونەوەی جیاوازیە چینایەتیەکان لە ئەمریکا ، ئایا وەرزی گەڕانەوەی مارکس دەبێ بۆ جادەکانی شیکاگۆ ، یان سەرەتای وەرزی کۆچ بەرەو کوبا ، بەرەو باشور دەبێت ؟!